سورة التغابن - **سورەتی ژمارە 64 - ژمارەی ئایەتەکانی** 18

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**(بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان )**

1. يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ :
**هەرچی لە ئاسمان و زەوی دا هەیە تەسبیحات و ستایشی خوا دەکەن , دەستەڵاتداری و سوپاس گوزاری هەر شایستەی ئەو زاتەیە , هەر ئەویش دەستەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە .**
2. هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ :**هەر ئەو دروستی کردون هەتانە ئیمانداره و هەتانە کافره , خوایش بینایە بە هەموو ئەو کار و کردەوانەی ئەنجامی دەدەن .**
3. خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ :**ئەو خوایە لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی ئاسمانەکان و زەوی دروست کردوە , وێنەی ڕوخساری ئێوەی کێشاوە بەجوانترین شێوە , گەڕانەوە و سەرئەنجامیش هەر بۆلای ئەوە .**
4. يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَيَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعْلِنُونَ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ :
**هەرچی لە زەویدا هەیە و دەکوزەرێت خوا زانا و بەئاگا پێ ی , هەروەها دەزانێت چی پەنهان دەکەن و چی ئاشکرا دەکەن , بەڕاستیی ئەو خوایە زۆر زانایە بەهەرچی لە پێچ و پەنای سینەکاندا حەشاردراوە .**
5. أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَأُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن قَبْلُ فَذَاقُوا وَبَالَ أَمْرِهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ :**ئایا هەواڵی ئەوانەی پێشتر کەکافر و بێبڕوابوون پێتان نەگەیشتوە , چۆن تووشی ئەو بەڵایە هاتن کە خۆیان بۆ خۆیان سازیان دا لە دیادا , لە قیامەتیشدا سزای بە ئێش و ئازار بۆیان ئامادەیە .**
6. ذَلِكَ بِأَنَّهُ كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَقَالُوا أَبَشَرٌ يَهْدُونَنَا فَكَفَرُوا وَتَوَلَّوا وَّاسْتَغْنَى اللَّهُ وَاللَّهُ غَنِيٌّ حَمِيدٌ :**ئەوەش بۆیە بە پێش هات چونکە پێغەمبەران بە جۆرەها بەڵگە و موعجیزە پەیامی خوایان پێ ڕاگەیاندن کەچی ووتیان : ئەمانە بەشرن وەک و ئێمە چۆن دەبنە چاوساغمان ؟ بەو بیانوە ڕێبازی کوفریان هەڵبژارد و کافر بوون و**

پشتیان هەڵکرد , خوایش پێویستی بە ئیمانی ئەوان نی یە , چونکە خوا خۆی دەوڵەمەندە و بێنیازە و شایستەی سوپاسە .

7. زَعَمَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَن لَّن يُبْعَثُوا قُلْ بَلَى وَرَبِّي لَتُبْعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ وَذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ : ئەوانەی کافر و بێ بڕوابوون وا گومان دەبەن هەرگیز زیندو ناکرێنەوە , پێیان بڵێ وا نی یە : سوێند بە پەروەردگارم , بەڕاستی هەر زیندو دەکرێنەوە و پاشان ئاگادار دەکرێنەوە لە هەموو ئەو کار و کردەوانەی ئەنجامتان دەدا , ئەو کارەش بۆ خوا زۆر ئاسان و سادەیە .

8. فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالنُّورِ الَّذِي أَنزَلْنَا وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ :کەواتە تا زووە باوەڕ بهێنن بە خوا وپێغەمبەرەکەی , وە بەو نوور و ڕۆشنایەی ناردومانەتە خوارەوە , دڵنیاش بن کە خوا بە ئاگایە بە هەموو ئەو کار و کردەوانەی ئەنجامی دەدەن .

9. يَوْمَ يَجْمَعُكُمْ لِيَوْمِ الْجَمْعِ ذَلِكَ يَوْمُ التَّغَابُنِ وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ وَيَعْمَلْ صَالِحًا يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ وَيُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ :ڕۆژێک دێت کە خوا هەموانتان کۆ دەکاتەوە لە ڕۆژی کۆکردنەوەدا , ئەو کاتە ڕۆژی زیانباری بەد کارانە , جا ئەوەی ئیمان و باوەڕی بەخوا هێنابێت و کردەوەی چاکی ئەنجام دابێت , خوا چاوپۆشی دەکات لە گوناه و هەڵەکانی , دەیخاتە باخ و باخاتی بەهەشتەوە کە جۆگە و ڕووبارێک بەژێر درەختەکانیدا دەڕوات , هاوڕێ لەگەڵ ژیانی نەبڕاوەدا بۆ هەمیشە و هەتا هەتای , بێ گومان ئەوەیە سەرکەوتن و سەرفرازی بێ سنور .

10. وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ خَالِدِينَ فِيهَا وَبِئْسَ الْمَصِيرُ
:ئەوانەی کە بێ باوەڕبوون و ئایەت و بەڵگەکانی ئێمەیان بەدرۆ دەخستەوە , ئەوانە نیشتەجێ ی ناو دۆزەخن و ژیانی نەبڕاوە دەبەنە سەر تیایدا , بەڕاستی سەرئەنجامێکی زۆر ناخۆش و نالەبارە .

11. مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ
:هەر بەلا و ناخۆشیەک پێش بێت بێ ویستی خوا و ڕەزامەندی خوا نابێت , جا ئەوەی باوەڕی دامەزراوی بەخوا هەبێت دڵی دادەمەزرێنێت , ( هەر بار و دۆخێکی بەسەردا بێت بە بەشی خوا ڕازی یە و بە تاقی کردنەوەی خوای دەزانێت ) , وە دڵئارامە و خوای گەورەش بە هەموو شتێک زانایە .

12. وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَإِنَّمَا عَلَى رَسُولِنَا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ
:فەرمانبەرداری خوا بکەن وفەرمانبەرداری پێغەمبەر بکەن , جا ئەگەر پشت هەڵ بکەن و گوێڕایەڵ نەبن ( خۆتان زەرەر دەکەن ) ئەگینا تەنها گەیاندن و

ڕوونکردنەوەی پەیامەکە ئەرکی سەرشانی پێغەمبەرەکەمانە .

13. اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ :الله خوایەکە جگە لەو هیچ خوایەکی تر نی یە , دەیا ئیمانداران پشت هەر بەو ببەستن و داوای یارمەتی لێبکەن .

14. يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ وَأَوْلَادِكُمْ عَدُوًّا لَّكُمْ فَاحْذَرُوهُمْ وَإِن تَعْفُوا وَتَصْفَحُوا وَتَغْفِرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ :ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ( جاری وا هەیە ) هاوسەرانتان یا ڕۆڵە و نەوەکانتان دژایەتی و دوژمنایەتیتان دەکەن ئێوە وریا بن لە هەڵس و کەوتان دا لەگەڵیاندا و خۆتان لە شەڕیان بپارێزن , جا ئەگەر لێیان خۆش ببن و چاوپۆشیان لێ بکەن و لێبوردە بن , ئەوە چاک بزانن کە خوا زۆر لێخۆش بوو میهرەبانە .

15. إِنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ وَاللَّهُ عِندَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ :دڵنیابن کە ماڵ وسامان و منداڵ و نەوەکانتان بۆ تاقی کردنەوتانن , ( وە هەندێ جار دەبنە هۆی فیتە بۆتان ) وە خوای گەورە پاداشتی زۆری لە لایە .

16. فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ وَاسْمَعُوا وَأَطِيعُوا وَأَنفِقُوا خَيْرًا لِّأَنفُسِكُمْ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ :هەتا دەتوانن بە تەقوا و خواناس بن , گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداربن , خێر و چاکە بکەن بۆخۆتان , جا ئوەی خۆی لە ڕەزیلی و ڕژدی نەفسی بپارێزێت ئەوانە سەرفرازن .

17. إِن تُقْرِضُوا اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَاعِفْهُ لَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ وَاللَّهُ شَكُورٌ حَلِيمٌ :ئەگەر قەرز بدەن بەخوا بە شێوەیەکی چاک , ( مەبەست بەخشینی ماڵ و سامانە لە پێناوی خوا ) چەند بەرامبەری دەکات بۆتان , هەروەها لێتان خۆش دەبێت , وە خوا زۆر سوپاس گوزار و خۆڕاگرە .

18. عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ :ئەو زاتە زانای شاراوەکان و ئاشکراکانە , وە خوایەکی بالادەست و دانایە .